مەسرور بارزانی پیرۆزبایی لە حزبی شیووعیی کوردستان و عێراق دەکات

سەرکۆزیرانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی لە هەردوو حزبی شیووعیی کوردستان و عێراق دەکات و دەڵێت، "ئومێدەوارم لە خەبات و تێکۆشانی نەپساوەی خەیان بەردەوام بن".

ئەمڕۆ یەکشەممە، 31-03-2024، مەسرور بارزانی، سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنی لە هەردوو حزبی شیوعیی کوردستان و عێراق کرد.

لە پەیامەکەدا هاتووە، "بە بۆنەی (90)مین ساڵیادی دامەزراندنی هەردوو حزبی شیووعیی کوردستان و حزبی شیووعیی عێراق، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی سکرتێر و کۆمیتەی ناوەندی و گشت ئەندام و لایەنگرانی حزبی شیووعیی کوردستان و عێراق دەکەم".

سەرکۆزیرانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، "هیوای سەرکەوتن بە هەردوو حزب دەخوازم و ئومێدەوارم لە خەبات و تێکۆشانی نەپساوەی خەیان بەردەوام بن لە پێناو بەهێزکردنی بنەماکانی ئازادی و دیموکراسیی لە عێراق و پشتیوانیی مافەکانی گەلی کوردستان".